# ڕەخنە لە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان دەگیرێت

**Author:** IWPR trainees

بێلایەنیی ئەم دەزگایە لەدوای هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستانەوە رووبەڕووی بەرەنگاری بۆتەوە.
.

لیستی گۆڕان، کە بەهێزترین گروپی ئۆپۆزسیۆنە لە هەرێمەکەدا، رایگەیاندووە لە دادگادا سکاڵا لەدژی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان تۆمار دەکات و داواش لە پەرلەمانی عێراق دەکات سیستەمی دانانی کۆمیسەران بگۆڕێت.

لیستی گۆڕان دەڵێت کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان کە لە ٢٠٠٧دا دامەزراوە و نوێنەرانی حزبەکان بەڕێوەی دەبەن ئاسانکاری کردووە تا دەسەڵاتداران ساختە بکەن و نەیتوانیوە لێکۆڵینەوەی وورد لە پێشێلکارییەکانی هەڵبژاردنەکانی ٢٥ی تەموزدا بکات.

بەرپرسانی کۆمسیۆن ئەم تۆمەتانە رەتدەکەنەوە. سەرۆکی کۆمسیۆن فەرەج حەیدەری لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانییدا مانگێگ لەمەوبەر وتی، "کۆمسیۆن بێلایەنی و سەربەخۆیی خۆی پاراستووە".

ئەگەر لیستی گۆڕان، کە بەشێوەیەکی بەردەوام و بە دەنگێکی بەرز گلەیی لە کۆمسیۆن کردووە، هەڕەشەکانی خۆی بباتەسەر، دەکرێت رۆڵی خۆی بگێڕێت لە یەکەم گۆڕانکاری لە دەستەی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی عێراق.

ی راگەیاند حەوتا ئەندامیIWPR لە لایەکی تر، گوشارەکانی پەرلەمانی عێراق لەسەر کۆمسیۆن لەزیادبووندان. باسم شەریف، ئەندامی پەرلەمانی عێراق، بە پەرلەمان یاداشتێکیان مۆرکردووە بۆ ئەوەی لێپرسینەوە لەگەڵ ئەندامانی کۆمسیۆن بکرێت سەبارەت بە دەنگۆی پێشێلکارییەکان لەلایەن کۆمسیۆنەوە، لەوانەش تۆمەتەکانی ئەنجامدانی ساختەکاری لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق لە ٢٠٠٩دا.

ژمارەی کورسییەکانی هاوپەیمانیی هەردوو حزبە دەسەڵاتدارەکەی کوردستان لە دوایین هەڵبژارنی پەرلەمانی لە هەرێمەکەدا کەمی کرد و لە تێکڕای ١٠٠ کورسی هەڵبژێردراو ٥٩ کورسی بەدەستهێنا، لە کاتێکدا لە پەرلەمانی پێشوودا هاوپەیمانییەکە ٧٨ کورسی هەبوو.

لیستی گۆڕان کە لیستێکی نوێیە ٢٥ کورسی بەدەستهێنا، ئەمەش یەکەمجارە گروپێکی ئۆپۆزسیۆن ئەو ژمارەیە لە هەرێمی کوردستانی عێراق بباتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم لیستە و لیستی خزمەتگوزاری و چاکسازی کە ئۆپۆزسیۆنێکی چەپڕەو و ئیسلامییە و ١٣ کورسی بەدەسهێناوە دەڵێن فڕوفێڵێکی زۆر لە هەڵبژاردنەکەدا کراوە.

لێکۆڵینەوەکانی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان لە پێشێلکارییەکانی پرۆسەی هەڵبژاردن نزیکەی دوو هەفتە ئەنجامە کۆتاییەکانی دواخست، بەڵام کاریگەرییەکی ئەتۆیان لەسەر ئەنجامەکە نەبوو. هەریەکە لە لیستی گۆڕان و لیستی خزمەتگوزاری و چاکسازی دەڵێن ئەنجامەکانیان قبوڵکردووە.

لەگەڵ ئەوەشدا، لیستی گۆڕان رایگەیاندووە سکاڵا لەسەر لێکۆڵینەوەکان و سەربەخۆیی کۆمسیۆن لە دادگایەکی کوردیدا تۆمار دەکات و لەم رووەوە پەنا بۆ پەرلەمانی عێراقیش دەبات.

ی راگەیاند لیستەکەی لەم هەفتەیەدا داوا لەسەر کۆمسیۆن تۆماردەکات تا سکاڵاکانی خۆیIWPR محەمەد تۆفیق، بەرپرسێکی باڵایە لە لیستی گۆڕان، بە لەدژی ئەو دەزگایە ئاشکرا بکات. تۆفیق وتی لیستی گۆڕان پێی وایە دەبوایە ٣٠ تا ٣٥ کورسی بەدەست بهێنایە.

"ئێمە خۆشحاڵ نین بە ئەنجامەکان،" تۆفیق وتی. "چەندین سکاڵامان تۆمارکردووە و هیچ وەڵامێکمان بەدەست نەگەیشتووە."

تۆفیق وتی لیستی گۆڕان ئەنجامەکانی پەسەندکرد چونکە نەیویست "کێشە و گرژی دروست بکات".

بەرلەوەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لە کانوونی دووەم ئەنجام بدرێت، لیستی گۆڕان داوا لە پەرلەمانی عێراق دەکات چاوبخشێنێتەوە بە شێوازی هەڵبژاردنی کۆمسیۆن.

"بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتوو... دەبێ شتێك سەبارەت بە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بکرێت،" تۆفیق وتی.

لیستی گۆڕان و پارتە ئۆپۆزسیۆنەکانی تری کوردستان دەڵێن کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان سەربەخۆ نییە و ئاماژە بۆ پەیوەندیی حزبیی نۆ ئەندامەکەی کۆمسیۆن دەکەن کە چاودێری هەڵبژاردنەکانیان لەئەستۆدایە.

سەرۆکی کۆمسیۆن فەرەج حەیدەری ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستانە کە حزبێکە لەگەڵ یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان دەیان ساڵە هەرێمی کوردستان بەڕێوەدەبەن.

بەهەمان شێوە، چەند سەرکردەیەکی شیعە و عەلمانی بۆ ماوەیەکی کورت هێرشیان کردە سەر راستگۆیی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان دوابەدوای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق لە مانگی کانوونی دووەمی رابردوو. لەو هەڵبژاردنەدا، دەنگدان لە سێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان ئەنجام نەدرا و هاوپەیمانیی سەرۆك وەزیرانی عێراق نوری مالیکی ئەنجامی باشی بەدەستهێنا.

بەرپرسانی کۆمسیۆن ئەو تۆمەتانە رەتدەکەنەوە کە باس لەوە دەکەن کۆمسیۆن بێلایەن نییە.

حاکم سەردار، ئەندامی ئەنجومەنی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان لە هەولێر، وتی، "ئەگەر هەر جۆرێك لە لایەنگری بوونی هەبووایە، لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان دەردەکەوت".

"بەڕاستی بەلای ئێمەوە گرنگ نەبووە کامە هاوپەیمانی هەڵبژاردنەکە دەباتەوە. خودی پرۆسەکە بەلای ئێمەوە گرنگ بوو،" حاکم سەردار وتی.

حاکم سەردار زیاتر وتی، "ناتوانین هەموو لایەك رازی بکەین". "زۆر جار کاتێك قەوارەیەکی سیاسی ناگات بە ئامانجەکانی خۆی پێی وایە بەرزکردنەوەی ئەم سکاڵایانە ئاسانترە لە هەڵسەنگاندنی ستراتیجییەکانی."

هۆگر چەتۆ، گوتەبێژی تۆڕی شەمس کە رێکخراوێکی سەربەخۆیە و چاودێری هەڵبژادنەکانی هەرێمی کوردستانی کردووە، وتی هیچ بەڵگەیەك لەئارادانییە سەبارەت بەوەی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان لایەنگر بووە یان سەرکەوتوو نەبووە لەگرتنەبەری رێ و شوێن بەرامبەر بە پێشێلکارییەکان.

"مامەڵەکردن لەگەڵ تۆمەتەکانی ساختەکاری بەشێوەیەکی ناپرۆفێشناڵ لەبەرژەوەندی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکاندا نییە،" چەتۆ وتی. "راستگۆیی بۆ کۆمسیۆن گرنگە. کۆمسیۆن پێویستی بە متمانەی دەنگدەر و هاوڵاتیان و کوتلە سیاسییەکان هەیە."

لیستی گۆڕان خەریکە دەیان سکاڵا لەدژی کۆمسیۆن تۆمار دەکات. بۆ نموونە، لیستەکە کۆمسیۆن بەوە تۆمەتبار دەکات کە ١٨٠،٠٠٠ فۆڕمی تۆماری تایبەت ناسراو بە فۆڕمی ١١١ی دابەشکردووە ئەمەش بەگوتەی لیستەکە وایکردووە هەندێ لە دەنگدەران دووجار دەنگ بدەن. بەپێی راگەیاندنی هەمان لیست، فۆڕمی سکاڵا لەچەند بنکەیەکی دەنگدان دابەش نەکراوە و بڕیاری کۆمسیۆنیش بەدرێژکردنەوەی ماوەی دەنگدان بۆ یەك کاتژمێری تر رێگای بە حزبەکان داوە فۆڕمە بەتاڵەکانی دەنگدان پڕبکەنەوە.

هەروەها لیستی گۆڕان دوویاتیدەکاتەوە کۆمسیۆن سزای سەرکردە باڵاکانی کوردی نەداوە کاتێك یاساکانی هەڵبژاردنیان پێشێل کردووە و ئاماژە بۆ راپۆرتەکانی دەزگاکانی راگەیاندنی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان دەکات و بەگوتەی لیستی گۆران تیایاندا هاتبوو سەرۆك کۆماری عێراق جەلال تاڵەبانی کە سکرتێری حزبەکەشە لەماوەی هەڵمەتی هەڵبژارندا چەك و پارەی بەخشیوە بە هاوڵاتیان.

فازڵ عومەر، گوتەبێژی لیستی کوردستانی، وتی دابەشکردنی ئەو شتانە ناچنە قاڵبی پێشێلکردنی یاساکانی هەڵبژاردن. عومەر وتی تۆمەتەکانی لیستی گۆڕان مەبەستی سیاسیان لە پشتەوەیە و راشیگەیاند گروپی گۆڕان "دەیەوێ تۆڵە بکاتەوە کە لە یەکێتی جیابۆتەوە".

شیکەرانی یاسایی دەڵێن ئەگەری بەهەندوەرگرتنی ئەو سکاڵایانەی لەدژی کۆمسیۆن تۆمار کراون لە دادگاکان کەمترە تا لە پەرلەمان کە چاودێری کۆمسیۆنەکە ئەکات.

پارێزەرێکی لیستی گۆڕان بەناوی مەریوان پەرویز مەریوانی وتی پێشبینی دەکات دادگاکانی کوردستان ئەو کێیسە بەلاوە بنێن و راشیگەیاند دادوەرانی هەرێمەکە سەر بە دوو حزبە دەسەڵاتدارەکەن. مەریوانی پێی وابوو پەرلەمانی عێراق زیاتر بەدەم داواکانیانەوە دەچێت.

شۆڕش خالید، رۆژنامەنووسی راهێنراوی IWPR لە سلێمانی، ئەم راپۆرتەی نووسیوە. سەرنووسەری پەیمانگاکە لە عێراق تیاری راس و هەریەکە لە نەبەز جەلال و محەمەد فورات کە دوو ستافی پەیمانگاکەن لە سلێمانی و هەولێرەوە بەشداریان لە نووسینی ئەم راپۆرتە کردووە.

**Location:** Iraqi Kurdistan
Iraq
**Topic:** Iraqi Kurdistan Elections, August 2009

**Source URL:** https://iwpr.net/global-voices/%D8%B1%D9%87%E2%80%8C%D8%AE%D9%86%D9%87%E2%80%8C-%D9%84%D9%87%E2%80%8C-%D9%83%DB%86%D9%85%D8%B3%DB%8C%DB%86%D9%86%DB%8C-%D8%A8%D8%A7%DA%B5%D8%A7%DB%8C-

%D8%B3%D9%87%E2%80%8C%D8%B1%D8%A8%D9%87%E2%80%8C%D8%AE%DB%86%DB%8C-
%D9%87%D9%87%E2%80%8C%DA%B5%D8%A8%DA%98%D8%A7%D8%B1%D8%AF%D9%86%D9%87%E2%80%8C%D9%83%D8%A7%D9%86%E2%80%8C-
%D8%AF%D9%87%E2%80%8C%DA%AF%DB%8C%D8%B1%DB%8E%D8%AA